هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت بەم شێوەیەی کە من دەستنوێژم گرت، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات بەبێ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت، ئەوا خوای گەورە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت

لە حومڕان (بەندەی ئازادکراو لەلایەن عوثمانەوە) دەڵێت: عوثمانم بینی داوای ئاوی کرد بۆ ئەوەی دەستنوێژ بگرێت، لە دۆلکەکەوە ئاوی کردە سەر دەستی وسێ جار شۆردی، پاشان دەستی ڕاستی کردە نێو ئاوەکەوە وئاوی ڕادایە ناو دەمیەوە و دەری کرد (تمضمض) وپاشان ئاوی هەڵمژیە نێو لووتی (استنشق) و دەری کرد - فنی کرد- (استنثر)، پاشان سێ جار دەموچاوی شۆرد، وهەردوو دەستی شۆرد هەتاوەکو ئانیشکی (ئانیشیکشی شۆرد) ؛ سێ جار، پاشان دەستی تەڕکرد وسەری مەسح کرد (هەردوو گوێشی مەسحکرد بەو ئاوەی کە مەسحی سەری پێکرد هەروەکو لە فەرموودەدی تردا هاتووە)، پاشان هەر پێیەکی سێ جار شۆرد، پاشان ووتی: پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیەی من ئەنجامم دا دەستنوێژی دەگرت وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت بەم شێوەیەی کە من دەستنوێژم گرت، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات بەبێ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت، ئەوا خوای گەورە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- چۆنیەتی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-ی فێرکرد بەشێوەیەکی کرداری ؛ بۆئەوەی ڕوونتر بێت بۆ تێگەیشتن، بانگی کرد کە دۆلکەیەک ئاوی بۆ بهێندرێت ؛ سێ جار ئاوی کردە سەر دەستی، پاشان دەستی ڕاستی کردە نێو دۆلکەکە وئاوی بەچنگی دەستی هێنا وخستیە نێو دەمی -ئەملاوئەولای پێکرد (غەڕغەڕەی بەئاوەکە کرد)- ودەری کرد، دواتر بەهەناسە ئاوی هەڵمژیە نێو لووتی وپەرشی کرد، پاشان سێ جار ڕووی شۆرد، ئینجا دەستەکانی شۆرد هەتاوەکو ئانیشکی (ئانیشکیشی شۆرد)، پاشان بە دەستە تەڕەکانی سەری مەسحکرد ؛ یەك جار، پاشان پێیەکانی شۆرد هەتاوەکو گوێزنگەکان (گوێزنگەکانیشی شۆرد). کاتێك دەستنوێژگرتنی تەواو کرد ؛ پێیانی ووت کە ئەو پێغەمبەری بینیووە -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە دەستنوێژی گرتووە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موژدەی پێیاندا کە هەرکەسێك وەکو ئەو دەستنوێژ بگرێت، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات ؛ بە خشوع وئامادەبوونی دڵ لەپێش پەروەردگار، ئەوا خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە لەسەر ئەم دەستنوێژە ڕێك ونوێژە دڵسۆزە بە لێخۆشبوون لە هەموو گوناهەکانی پێشووی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3313